وانەی (30)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) پەندەکان

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (پەندەکان ٦، ٧ ، ٨ ، ١٠)
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) ڕۆژانە پێداچوونەوە بکە بۆ زنجیرەی تایبەت بە "مەزنیی خودا"

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە **پێداچوونەوە** بکەن ، بۆ پێنج ئایەتەکانی لەبەرکردن تایبەت بە "مەزنیی خودا" .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما ٧: ١- 17

پێشەکی : لە ڕۆما ١- ٥ پۆڵس شرۆڤەی دۆخی بێتاوانبوون و ڕوونتر کە شەریعەت ناتوانێ بێتاوان بوون دەستەبەر بکات ، وە لە ڕۆما ٦- ٧ شرۆڤەی ڕاستەقینەو گرەنتی و دڵنیایی ڕزگاریی باوەڕداران دەکات .

ڕزگاری باوەڕداران کە مەبەست و خواستی خودای باوکە ئەوەی بە مەسیحی کۆڕی کڕیەوەو دەستەبەری کرد بۆ خەڵکی وە ئەوەی جێبەجێی دەکات و تەواویی دەکات بە ڕۆحی پیرۆزی وە ئەوەی ڕایگەیاند لە مزگێنی ئینجیلەکەیدا ڕۆما ١: ١٦ دڵنیایی تەواوەتیمە ! ڕزگاریی باوەڕداران مسۆگەرەو دڵنیایە چونکە ئەوانە ڕزگاریان بوو لە دەسەڵات و حوکمی سروشتی گوناهە ڕۆما ٨: ١- ٤ . وە ڕزگاریی باوەڕداران مسۆگەرە وجێگیرە چونکە نوێبوونەوەو پیرۆزکردنی دڵەکان وژیانیان بە ڕۆحی پیرۆز دەستی پێکردوە ڕۆما ٨: ٥- ١٣ . وە ڕزگاریی باوەڕداران مسۆگەرە چونکە هەروەها خودا لە خۆی گرتوون وەکو ڕۆڵە و میراتگری شکۆمەندی داهاتوون ڕۆما ٨: ١٤- ١٧ .

هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا
پێکەوە ڕۆما ٨: 1- 17 **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان
بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەڵاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟
بنوسە . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .
بەشداری بکە. (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن).

هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

ڕۆما 8: ١- 4

ئاشکراکردنی ١: باوەڕدارانی ڕزگاربوو مسۆگەرن چونکە ڕزگاریان بوە لە هێزی سروشتە گوناهەکەیان کە دەسەڵاتدار بوو بەسەریانەوە .

یۆحەنا ٥: ٢٤ دەڵێ ئیدی باوەڕدارانی ڕزگاربوو حوکم نادرێن لە حوکمدانی کۆتاییدا وە ڕۆما ٨: ١ دەڵێ باوەڕدارانی ڕزگاربوو دادگایی ناکرێن بۆ لەناوچوونی تاهەتایی و سزا نادرێن بڕوانە مەتا ٢٥: ٤٦ وە هەروەها بڕوانە ڕۆما ٨: ٢- ٣ .

شەریعەت داواکاری ڕەهای خودایە بۆ بێتاوانی (ڕزگاریی) وە بنەمایەکی ڕەهایە بۆ ژیان وە گوزارش دەکڕی لێی وەکو شەریعەتی ئەخلاقی خودا (دە ڕاسپاردەکە) بڕوانە ١ پەترۆس ٢: ٢٤ ؛ ڕۆما ٨: ٣ . وە کردار ٥: ٣٢ ؛ ١پەترۆس ١: ٢ ؛ ١یۆحەنا ٣: ١- ٣ ڕۆما ٧: ٢٤- ٢٥ ؛ ١کۆرنسۆس ١٥: ٥٤- ٥٧ ؛ ڕۆما ٨: ٤ .

ڕۆما ٨: ٥- ١٣

ئاشکراکردنی ٢: باوەڕدارانی ڕزگاربوو مسۆگەرن چونکە لەدایکبونەوەیانەوە ڕزگاریان بوو ، وە دڵ وژیانیان پیرۆز کرا بە ڕۆحی پیرۆز .

أ . باوەڕدارانی ڕزگاربوو بە پێی ڕۆحی پیرۆز دەژین و بە گونجان لەگەڵ ئەودا .

بڕوانە گەڵاتیە ٥: ١٦- ٢٦ ؛ یۆحەنا ١٧: ٣ ؛ ڕۆما ٨: ٢٨ – ٣٩ ؛ ٨: ٥- ٨ .

ب. بێباوەڕان بەپێی سروشتی گەندەڵیان کە نوێ نەبۆتەوە دەژین .

بڕوانە ڕۆما ٨: ٥- ٨ وە ڕۆما ٨: ٩- ١٠ .

ج. باوەڕدارانی ڕزگاربوو بەوە جیادەکرێنەوە کە ڕۆحی پیرۆز تیایاندا نیشتەجێیە .

بڕوانە یۆحەنا ٣: ٣- ٥ وە ڕۆما ٨: ١٠- ١١ .

د. باوەڕدارانی ڕزگاربوو پەیوەستن . بڕوانە ڕۆما ٨: ١٢- ١٣ .

ئاشکراکردنی ٣: گرەنتی و مسۆگەریی هەیە لەلای باوەڕدارانی ڕزگاربوو چونکە ئەوان ڕۆڵەی خودان و میراتگری شکۆمەندی داهاتوون .

بڕوانە گەڵاتیە ٣: ٢٣- ٤: ٧ وە عیبرانیەکان ٣: ٥- ٦ ؛ ڕۆما ٥: ٥ ؛ ٨: ١٦ ؛ ڕۆما ١٦: ٢٥- ٢٦ .

<u>هەنگاوی ٣: پرسیار</u> . ڕونکردنەوە

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما 8: ١- 17 ، تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

ڕۆما 8: ١- 4

<u>پرسیاری</u> ١ : <u>ئایا تاوانبارکردن ئاماژەیە بۆ تەنها ئازاد بوون لە گوناهە یان ئازاد بوون لە تاوانی گوناهەو هێزەکەی ؟</u>

تێبینیەکان .

وەرگێڕان بۆ ڕۆما ٨: ١- ٤ لە یۆنانیدا کاتاکریما واتە سزا ئەوەی لە ڕیگەی حوکمەوە دەردەچێت واتە جێبەجێکردنی حوکمەکە . کاتێ خودا کوڕەکەی نارد بوە کەفارەتی گوناهە و لابردنی حوکمی لەناوچوون بە کرداری ڕابردووی سادە . ئەمەش لەسەر خاچ ڕوویدا ١پەترۆس ٢: ٢٤ وە بڕوانە عیبرانیەکان ٤: ١٥ ؛ ڕۆما ٦: ١- ٧ : ٢٥ وە ڕۆما ٧: ١٤- ٢٥ .

پۆڵس لێرەدا ئەو دەرئەنجامەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە بەبێ بێتاوانکردن پیرۆزی نابێت !

أ . واتای تاوانبارکردن ، جێبەجێکردنی ئەو حوکمەیە کە دەرچوە و ڕاگەیەنراوە .

لەم چوارچێوەدا وشەی تاوانبارکردن واتای ڕاگەیاندنی تاوانبارکردن نیە لەسەر تاوانی گوناهە بەڵکو جێبەجێکردنی حوکمەکەیە . ڕۆما ٥: ١٨ وە ١کۆرنسۆس ١١: ٢٣ وە ٢پەترۆس ٢: ٦ ، هەروەها بڕوانە ڕۆما ٨: ١.

ب. تاوانبارکردنی گوناهە لە سروشتی گوناهەدا داواکاریەکانی شەریعەتی دادپەروەرانەو چاکی خودایە ڕۆما ٨: ٤.

بڕوانە ١کۆرنسۆس ١: ٣٠ – ٣١ .

ڕۆما ٨: ١- ٤

پرسیاری ٢: دەستەواژەکانی شەریعەتی ڕۆح و شەریعەتی گوناهەو مردن ئاماژە بۆ چیّ دەکات ؟

تێبینیەکان .

أ. ئەم دوو دەستەواژانە ئاماژە دەکەن بۆ ڕۆحی پیرۆز لەبەرامبەر سروشتی گوناهەدا .

لەسەر بنەمای ئەوەی خوێندمانەوە لە ڕۆما ٧: ٢١، ٢٣ ، ٢٥ باشترین ڕاڤە بۆ وشەی شەریعەت هێزی خۆسەپێنەرە یان دەسەڵاتدارە چونکە ڕۆحی پیرۆز شەریعەتە یان بنەمای دەسەڵاتداری ڕەهایە بەسەر باوەڕدارانی ڕزگاربوو .بڕوانە گەڵاتیە ٥: ١٩- ٢١ وە ڕۆما ٧: ١٤- ٢٥ وە گەڵاتیە ٥: ١٧ . وە ١کۆرنسۆس ١٥: ٥٤- ٥٧ .

ب. باوەڕدارانی ڕاستەقینە دەتوانن بژین بە ژیانێکی نوێ وپیرۆز وە دەبێت ئەمە بکەن وە دەیکەن .

ڕۆما ٨: ٣- ٤ وە ڕۆما ٦: ٧ ئاماژە دەکات بۆ ئەم بنەما دادوەرییە لە پیرۆزبوون . بڕوانە ڕۆما ٦: ٢، ٧ وە ڕۆما ٨: ٢ – ٤ ، ٥، ١٣ .

ڕۆما ٨: ١٢- ١٤

پرسیاری ٣: ئایا ڕۆما ٨: ١٣ هەڕەشەیە یان هاندان ؟

تێبینیەکان .

پۆڵس لە ڕۆما ٨: ١٣ دەڵێ " ئەگەر بێتو ئێوە بەگوێرەی سروشتی دنیایی بژین دەمرن، بەڵام ئەگەر بە ڕۆحی پیرۆز کردارەکانی سروشتی دنیاییتان مراند، ئەوا دەژین. " ئایا ئەمە هەڕەشەیە بۆ باوەڕدارانی ڕزگاربوو کە دەشێ مسۆگەریی تاهەتاییان لەدەست بدەن یان هاندانیانە کە بەرپرسیار بن لەوەی دەیکەن و چۆن دەژین ؟

ئەم هاندانە پێویستیەکە بۆ سروشتی گوناهە ، چونکە باوەڕدارانی ڕزگاربوو پەیوەست بونیان هەیە لە ژیانیاندا وە بەرپرسیاری مەزن

وگرنگیان لە ئەستۆدایە ، کە نەژین بە پێی سروشتە گوناهەکەیان بەڵکو بەپێی ڕۆحی پیرۆز کە نیشتەجێیە تیایاندا . بڕوانە ڕۆما ٦: ١٣، ١٩ .

ڕۆما ٨: ١٤- ١٦

پرسیاری ٤: چی وا دەکات کە باوەڕداران دڵنیا بن لەوەی ڕۆڵەی خودان؟

تێبینیەکان .

دوو شت هەیە باوەڕداران وا لێدەکات دڵنیا بن لەوەی ئەوان ڕۆڵەی خودان بە ڕاستی :

أ. هەستی خۆشەویستی بەرامبەر بە خودا کە باوەڕدارانی ڕزگاربوو ڕۆڵەی خودان . بڕوانە ئەفەسۆس ١: ٥، ١٤ .

ب. شایەتیدانی ڕۆحی پیرۆز لە دڵی باوەڕدارانی ڕزگاربوو کە ئەوان ڕۆڵەی خودان . بڕوانە ڕۆما ٨: ٣٩ .

ڕۆما ٨: ١٧

پرسیاری ٥ : ئەو لایەنانە کامانەن کە باوەڕدارانی ڕزگاربوو هاوبەش ومیراتگرن لەگەڵ مەسیح ؟

تێبینیەکان .

أ. باوەڕدارانی ڕزگاربوو پشکیان هەیە لە شکۆی مەسیحدا .

ب. دەبێت باوەڕدارانی ڕزگاربوو بەشداری بکەن لە ئازاری مەسیح تاکو بەشدار بن لە شکۆمەندیەکەیدا . بڕوانە کۆلۆسی ١: ٢٤ هەروەها بڕوانە مەرقۆس ٨: ٣٤- ٣٨ ؛ ١پەترۆس ٢: ١٨- ٢٣ ؛ ١پەترۆس ١: ٦- ٧ ئەمەش مەرجێکی پێویست و بنەڕەتیە بۆ بەشداریکردن لە کۆتاییدا لە شکۆی مەسیح .

هەنگاوی ٤: پەیرەوی بکە. **پەپرەوکردن**

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوە تەواو بکەین لە ڕۆما ٨: ١- 17 .

بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینناوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما 8: ١- : ١٧ .

٨: 1 : بزانە و دڵنیابە بە تەواوەتی تاوانبار ناکرێی و لەناو ناچیت و سزا نادرێی چونکە لە مەسیحدای.

8: 2- 3 : ئەو ڕاستیە قبوڵ بکە کە ڕۆحی پیرۆز دەسەڵاتی خودایە بەسەر جەستەی مرۆڤانەت و ڕۆحی مرۆڤانەتدا چونکە مەسیح سروشتە گوناهەکەتی تاوانبار کردوە و حوکمی لەناوچوونی بەسەردا داوە.

٨: ٤ : باوەڕ هەبێت کە عیسای مەسیح هەموو داواکاریەکانی دادپەروەرانەو چاکی شەریعەتی خودای تەواوکردوە لە بری تۆ ! ئێستا تۆ لە دۆخی بێتاوانیدایت بە تەواوەتی وە لە دۆخی پیرۆزیدایت بە تەواوەتی

لە عیسای مەسیحدا بڕوانە ١کۆرنسۆس ١: ٣٠ . بۆیە دەتوانی لەکاری پیرۆزیدا گەشە بکەیت وە دەبێت گەشە بکەیت تیایدا .

٨: ٥ : بزانە کە بیرکردنەوە دوو شێوازی هەیە لە جیهاندا ، بێباوەڕ بە بەردەوامی بیردەکەنەوە بەو چۆنیەتیەی کە دەیانەوێ ئارەزوەکانی سروشتی گوناهەیان تێر بکەن . باوەڕداران دەتوانن هەوڵ بدەن بۆ ئەو کاروبارانەی خودا ڕەزامەندی لەسەرە وە هەوڵیش دەدەن هەموو کاتێك .

٨: ٧- ٨ : بزانە مرۆڤ بەبێ ڕۆحی پیرۆز ناتوانێ ملکەچی خودا و خواستەکانی بێت بە ئارەزوی ناخی یان هەوڵ وتێکۆشانی خۆی ، چونکە هەرکەسێك لەسەروە لەدایک نەبێت بە ڕۆحی پیرۆز ناتوانێ بچیتە نێو شانشینی خوداوە بڕوانە یۆحەنا ٣: ٣- ٨ ؛ ٦: ٤٤ .

٨: ٩ : باوەڕت هەبێت کە مرۆڤ بەبێ ڕۆحی پیرۆز نابێتە باوەڕدارێکی ڕاستەقینە .

٨: ٩- ١٠ : ئەو ڕاستیە قبوڵ بکە کە ڕۆحی پیرۆز لە ڕاستیدا ڕۆحی خودایە یان ڕۆحی مەسیحە . خودا یەکە ، وە گوزارش لەئەم ڕاستیە بە شێوازێکی تر ئەوەیە : ئەو ڕاستیە بزانە کە عیسای مەسیح لە دڵ و ژیانی باوەڕداراندا دەژی لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە .

٨: ١٠- ١١ : ئەو ڕاستیە بزانە کە دەبێت جەستەی ماددیت بمرێ چونکە ڕۆحی پیرۆز ئەوەی ڕۆحتی ژیاندۆتەوە جەستەی مادیت هەروەها زیندوو دەکاتەوە .

٨: ١٢- ١٣ : هەموو باوەڕدارێکی ڕزگاربوو پەیوەستە کە نەژی بەپێی سروشتی گوناهەی بەڵکو کارەکانی سروشتی گوناهەی بمرێنێ لە جەستەیدا و بیریدا لە ڕێگەی هێزی ڕۆحی پیرۆزەوە .

٨: ١٤- ١٥ : باوەڕت هەبێت کە ئیدی کۆیلەی سروشتی گوناهە نیت وە تۆ ڕۆڵەی خودای باوەڕت هەبێت کە ڕۆحی پیرۆز لە دڵ و ناختدا خۆشەویستی خودا دروست دەکات بڕوانە ڕۆما ٥: ٥ . وە پەیوەندی کەسێتی و گەرمت لەگەڵ باوکی ئاسمانی دەداتێ .

٨: ١٦ : ئەو راستیە بزانە کە ڕۆحی پیرۆز بەردەوام شایەتی دەدات بۆ ڕۆحی مرۆڤانەت و لەگەڵتدا کە تۆ ڕۆڵەی خودای .

٨: ١٧ : ئەو ڕاستیە قبوڵ بکە کە ناتوانی بەشداری مەسیح بکەیت لە میرات و شکۆکەیدا ئەگەر هەروەها بەشداری ئازارەکانی نەکەیت.

نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ. دەمەوێ بە باشی مامەڵە بکەم لەگەڵ بەرپرسیارێتیەکەم وەکو باوەڕداری ڕزگاربوو وە پەیوەست بم بە بەرپرسیارێتیەکانمەوە بۆیە دەمەوێ هەموو ڕۆژێ بیربکەمەوە لەوەی کارەکانی سروشتی گوناهەم بمرێنم لە جەستەی مادییمدا بە هاوکاری ڕۆحی پیرۆز دەتوانم ئەمە بکەم.

ب. دەمەوێ لەیادم بێت کە خودا پلانی داناوە کە یەکەمجار ئازار بچێژم لەم جیهانەدا پێش ئەوەی بەشداری میراتی شکۆکەی بکەم ، هەر وەکو هەموو مرۆڤێك منیش بەشداری دەکەم لە ئازارەکانی ژیان و کێشە ئاساییەکان . وەکو باوەڕداری شوێنکەوتەی مەسیح هەروەها بەشداری دەکەم لەو ئازارانەی دێن بەهۆی چەوسانەوە . بەڵام خودا پلانی داناوە لەم ئازارانەدا لە پێناوی ئەوەی ئامادەم بکات تاکو بەشداری شکۆمەندیەکەی بکەم .

<u>هەنگاوی ٥: نوێژ بکە</u> **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما ٨: ١- 17 .

(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پرۆڤە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جارِی موژدەی شانشینیی .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما 8: ١- 17.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە پەندەکان 15، 16 ،17، 19. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن: ڕۆما ٨: 1 لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- فێرکردن : نمونەی پزیشك و نەخۆش لە مەتا ٩: ٩- ١٣ هاتوە ، وە نمونەی خوێی زەوی و ڕوناکی جیهان کە لە مەتا ٥: ١٣- ١٦ دا هاتووە ئامادە بکە ، سود ببینە لە شەش هەنگاوەکانی ڕێنمایی بۆ ڕاڤەکردنی ئەم نمونانە.
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).